# لیستی هاوبەش داوای خەڵکی کوردستان بوو یان..؟

**ئاسۆ**



ماوەیەکە لەنێو میدیاکاندا راپرسی دەکرێت کەئاخۆ خەڵکی بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن لەزۆربەی ئەو دابەزێنێتو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خەڵکی حەماسی بۆ هەڵبژاردنەکان نیە بەتایبەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. سەرکردایەتی سیاسی کوردیش جەخت لەوە دەکاتەوە کەدەبێت خەڵك بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن وە ئەم هەڵبژاردنانە چارەنووسی خەڵکی کوردستان دیاری دەکاتو ئاییندەی کوردستان بەستراوە بەدەنگدانەوە ئەگەر قسە بێتە سەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ئەوەیان هەموو لایەك دڵنیایین کەدەنگ ئەدەین بۆئەوەی رێژەیەکی باشی کورسی بۆ کورد لەپەرلەمانی عێراقدا مسۆگەر بکەین بەڵام بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خەڵکی نەك هەر خۆشحاڵ نییە بەو هەڵبژاردنە بەڵکو زۆر بەئاشکرا لەنێو راپرسییەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە خەڵکی دەنگ نادەنو بایکۆتی دەکەن لەسەرەتادا خەڵکی ئومێدێکی بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەبوو کەهەر حیزبەو بەلیستی خۆی دابەزێنێتو بەرنامەی خۆی پێشکەش بەجەماوەر دەکاو ئەم جارەیان وەك ساڵی (92) کورسییەکان دابەش نابن بە (50 بە 50) پەرلەمان دەبێتە نوێنەری راستەقینەی جەماوەر وە خەڵکی ئومێدی زۆر بوو کەئیتر ئەم دوو حیزبە رێز لەدەنگی خەڵك دەگرنو هەر کامێکیان دۆڕا وەك ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی کارئەکاتو ژیانێکی دیموکراسیانە دەست پێدەکات. بەڵام هەر زوو ئەم ئومێدەی خەڵك کاڵ بووەو یەکێتیو پارتی دوای ئەوەی ترسێکی گەورەیان لێنیشتو بەهەر چوار لادا پارەیان دەبەخشیەوەو هەر لایەو عەشیرەتو تایەفەیەکی کۆدەکردەوە کار بەوەشەوە نەوەستا بەشێوەیەك ترسیان لێنیشت کەبیر لەڕێگە چارەیەك بکەنەوە بۆئەوەی لەدەسەڵات نەیەنە خوارەوە چونکە هەردوو لایان ئەو باوەڕەیان هەیە کەتەقەبولی عەقڵی دۆڕان ناکەنو ئامادە نین کورسی دەسەڵات بۆ یەکتری چۆڵ بکەن.

دەرەنجام بەبیانووی ئەوەی خەڵکی کوردستان داوای یەکگرتوی دەکات لەنێو میدیاکانی خۆیانەوە رایان گەیاند لەسەر داوای خەڵکی کوردستان پارتیو یەکێتی بەیەك لیست دادەبەزن وە کورسییەکانی پەرلەمانیشیان دابەش کردووە 42 بە 42 باقی کورسییەکانی تریش دەدرێتە حیزبە بچوکەکان پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خەڵکی کوردستان داوای ئەوەی کردووە لەیەکێتیو پارتی هەرچەندە من لەو باوەڕەدا نیم کەهیچ کاتێك یەکێتیو پارتی رێزیان لەداوای خەڵکی کرودستان گرتبێت. وە راپرسیەکانیش وەڵامدەرەوەن کە خەڵکی نەك داوای ئەم جۆرە یەکگرتنەیان نەکردووە بەڵکو دژی ئەم جۆرە یەکرگتنەن خەڵك داوای ئەوەی لەیەکێتیو پارتی کرد کەیەك سیاسەتی هاوبەشیان هەبێت لەبەرامبەر رژێمەکانی دژ بەکوردو ئەوانەی بەشی هەرە زۆری کوردستانیان داگیر کردووە. خەڵکی دەیانویست یەکێتیو پارتی شەڕی ناوخۆ نەکەنو لەباتی کاول کردنی کوردستان بەجەنگی ناوخۆ کوردستان ئاوەدان بکەنەوە خەڵکی داوای ئەوەی هەبوو لەیەکێتیو پارتی کە گوزەرانیان باش بکەنو

کێشەی بێکاری چارەسەر بکەن و خەڵکی 13 ساڵە داوای چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا دەکەن کەساڵ بەساڵ خراپتر دەبێت چەندین ساڵ بەئاواتەوەین یەکێتی و پارتی پرۆژەیان هەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون لەوەڵامی ئەم خواستانەی خەڵك یەکێتی و پارتی هەریەکەیان بەجیا لەگەڵ یەکێك لەدەوڵەتانی ئێران و تورکیادا رێکەوتبون و تۆپ و هاوەنی ئەوانیان دەنا بەیەکتری‌یەوە جەنگێکی ماڵ وێرانکەری ناوخۆیان بەرپا کرد لەباتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان شەڕیان کرد بەدیاری بۆ جەماوەر هەموو هەوڵێکیان بۆ سڕینەوەی یەکتری بوو ئەوەی بایەخیان پێ نەئەدا چارەسەرکردنی گوزەرانی خەڵکی بوو چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا بوو کار گەیشتە ئەوەی شەوی (یەك) کاتژمێر کارەبایان بەخەڵك ئەدا لەباتی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون خۆیان هۆکاری پەرەسەندنی زیاتری ئەم کێشەیە بوون و تائێستاش ئەم کێشەیەیان چارەسەر نەکردووە بەکوردی و کورتی کوردستان لەپێش پرۆسەی ئازادی ئاشی نەزان بوو خوا دەیگێڕا ئەم حیزبانەش ئەوەیان لەسەر بوو کەداهات و پارەی خەڵك لەشەڕی ناوخۆدا سەرف بکەن ئێستاش یەکگرتنەکەیان لەپێناوی خەڵکی کوردستاندا نییە بەڵکو لەپێناوی ئەوەدایە کەلەسەر کورسی دەسەڵات بمێننەوە 42 بەم 42 دابەشکردنەوەی دەسەڵاتە وەك یەك و چۆن کورسی‌یەکانی پەرلەمان دابەش کران ئاوهاش سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان دابەش دەکرێت و ئەوەش کەبەلای یەکێتی و پارتی‌یەوە گرنگ نەبێت گوێ گرتنە لەداواکانی خەڵکی کوردستان و ڕێز نەگرتنە لەویستی کۆمەڵانی خەڵك ئەم چارەشیان پارتی و یەکێتی سەلماندیان کەباوەڕیان بەژیانی دیموکراسیانە نیەو تەنها گرنگ بەلای ئەوانەوە مانەوەیانە لەکورسی دەسەڵات بەهەر نرخێك بێت.